# پرۆسەی ئازادکردنی عێراق و ڕاگەیاندنی تورکی

ڕاگەیاندنی تورکی (بینراوو بیستراو)، وەك پیشەیی هەمیشەی، هەردەم لەهەوڵی زەمینە خۆشکردنی ئاگری شەڕو، قولکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوان کوردو دەوڵەتی تورکیادا بووە.. هیچ کاتێك بەتەنگ ئاشتیو تەبایيو ئاسوودەییو، پێکەوە ژیانی، نەتەوەکانی نێو کۆماری دروستکراوی تورکیا نەبووە. ئامرازێك بووە بەدەستی، دەسەلاتدارو گەنەراڵە سەربازییەکان.. ئەوە نەك هەر بەنیسبەت کوردەوە، بەڵکو بەنیسبەت، ولاتانی دەرو دراوسێو کۆمەڵگای نێو دەوڵەتیشەوە، هەمان هەڵوێستیان نواندووە.. لەکاتی دروستبوونی هەر تەنگژەو گرفتێکدا، ئەوان بەنزین بووینە، بۆ خۆشکردنی ئاگرەکە، تاوەکو تەڕو وشك بەیەکەوە بسووتێنێ.. لەسەروبەندی دەستگیرکردنی (ئۆجەلان)دا، مانشێتی گەورەی ڕۆژنامەکان، نیشاندانی گەورەیی تورك و هێزو دەسەلاتی تورکیا بووە.. لەهەوڵی تەقینەوەی زێتری بارودۆخەکەدا بوون.. بەنیسبەت کوردستانی باشوور (بەتایبەتیش دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ و دەسەلاتی هەرێمی کوردستان)یش، خەریکی دۆزینەوەی بیانوو و قسەو قسەلۆك بووینە، بۆ لەباربردنی ئەو بارودۆخە ڕەخساوە.. هیچ کاتێك بەسەر زاریان

دانەهاتووە بلێن، (هەرێمی کوردستانی عێراق)، بەڵکو هەر بەباکوری عێراق (کوزەی عێراق) ناوزەدیان کردووە.. هەتا سێ چوار ساڵ لەمەوبەریش، بەهەردوو پارتە سەرەکییەکەی کوردستان (یەکێتیو پارتی)یان دەگوت، (عەشیرەتی تاڵەبانیو بارزانی).. وایان لەشەقامی ناهوشیاری تورك گەیاندبوو، کە ئەوانە دوو عەشیرەتی دواکەوتوو چیانشینن و، هەر خەریکی شەڕو شەڕ فرۆشتن بووینە بە سەرجەم ڕژێمە یەك لەدوا یەکەکانی عێراق.

بۆ وەرگرتنی زۆربەی هەواڵە گرنگ و پەیوەندیدارەکانی تایبەت بەم بوارەش، وێنە هەواڵەکانیان، لەتەلەفزیۆنی کوردستان (K.tv) وەردەگرت و لەجیاتی ئارمی (K.tv) دەیاننووسی، (K-Irak). واتە (کوزەی ئیراك) باکوری عێراق...

لەگەرمەی شەڕی ئازادکردنی عێراقیشدا، بەبیانووی هەستی ئیسلامییەوە، شەقامی تورکیایان وروژاندووەو، کۆمەك و یارمەتییان داون بۆ گردبوونەوەو خۆنیشاندان و ناڕەزایی دەربڕین، دژی هاوپەیمانان. لەهەواڵ و ڕاگەیاندنەکاندا، کورد گۆتەنی: (مێشیان کردووە بەگامێش)... ئەو بۆچوونانە، لەتەواوی کەناڵە ئاسمانییەکانی تورکیا ڕەنگی داوەتەوە، بەتایبەتیش لەکەناڵە ئیسلامییەکانی وەك، (کەناڵی ٧ و M.TV و S.TV)..

شەوی ٣-٤/٤/٢٠٠٤، کاتێك کەبەشێکی زۆری فڕۆکەخانەی نێو دەوڵەتی بەغدا، لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی هاوپەیمانانداBوو، تەلەفزیۆنی عێراق، لەبەیانێکی سەربازیدا، بلاوی کردەوە کە، (٣٢٠ سەربازی عێراقی شەهید بووینە...) کەچی بۆ بەیانیەکەی کەناڵی حەوت (٧)ی تورکی دەیگوت: (سوپای ئەمریکا تێکشکاوەو عێراقیش هیچ کوژراوی نییە.!!) ئەو کاتەش کەفڕۆکەیەکی ئەمریکی، بەموشەکە فڕۆکە شکێنەکانی هێزەکانی عێراق پێکراوو کەوتە خوارەوە... ڕاگەیاندنی ڕژێم، بۆ بەرزکردنەوەی گیانی بەرەنگاریو، ورەی خەڵك، وای نیشاندەدا، کە جوتیارێکی

عێراقی بەتفەنگی سادەی ڕاوکردن ئەو فڕۆکەی پێکاوە... ئەوە بووە پێخۆری سەرجەم کەناڵە تورکییەکان.. بەمناسەبەو بێ مناسەبە، هەموو ڕۆژێك چەندان جار ئەو دیمەنەیان نیشان دەداو مێزگردو شیکردنەوەیان بۆ ساز دەکرد..

لەهەواڵێکی تری کەناڵی ئاسمانی عێراقیدا، (.. هاوپەیمانان ٢٥ کوژراویان هەیە). ئەمریکاش دانی بەم هەواڵە ناو گوتی: (٢٥ کوژراو نییە، بەڵکو ١٥ کوژراوە..) کەچی کەناڵی حەوت، زۆر بێشەرمانە ڕۆژێك دواتر گوتی: (٨٠٠ ئەمریکی کوژراوە!!) کاتێك کە ئەو هەواڵە چەواشەکارانەیان بلاو دەکردەوە، دڵنیا بوون لەوەی، کە بەشێکی یەکجار کەمی تورکەکان، عەرەبی زانن‌و دەتوانن بەدواداچوون بکەن‌و هەواڵەکان بەراوورد بکەن. هەتا کەناڵی ئاسمانی عێراقیش لەکار نەکەوتبوو، زۆربەی هەرە زۆری وێنە هەواڵەکانیان، لەوێ وەردەگرت و، ڕۆژانە بەیانەکانی عێراقییان، چەندان جار دووبارە دەکردەوە.

لەکاتی ئازادکردنی کەرکوکیشدا، زێتر کێچیان کەوتە کەوڵی، بەتایبەتیش کەزانییان، هێزی پێشمەرگەی کوردستان، شان بەشانی هێزەکانی هاوپەیمانان چوونەتە ناو کەرکوك و کۆنترۆڵی وەزعەکەیان کردووە.. ئەوان، لەدوورەوە خەریکی بیانوو دروستکردن و وروژاندنی شەقامی تورکی بوون.. گوایە، (.. کوردەکان قەتل‌و عامی تورکمانەکان دەکەن!!) هەواڵی زەمینە خۆشکردنی، نانەوەی ئاژاوەو دووبەرەکی‌و شەڕو پێکدادان لەنێوان نەتەوەو گروپە جیاوازەکانی کەرکوك، دەدا.. پێش ئازادکردنی کەرکوکیش، کەناڵەکان، خەریکی زەمینە خۆشکردن بوون، بۆ قیت کردنەوەی تورکمانەکان، (بەتایبەت باڵەکەی سەنعان قەساب) کە داردەستی خۆیان بوو.. بۆ پرس و ڕا وەرگرتن، ڕۆژانە بە تەلەفۆن (هەندێك جاریش ڕاستەوخۆ)، قسەیان لەگەڵ ناوبراو دەکرد.. هەر لەو سەروبەندەدا، ڕۆژی ٢٥/٣/٢٠٠٣، ڕۆژنامەنووس و چاودێرێکی سیاسی تورك، لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ کەناڵی

(Cnn تورك)دا گووتی: (... یان دەبێت بچینە باکوری عێراق، یان دەبێت لەدوورەوە سەیری قەتل و عامکردنی سێ ملیۆن تورکمان لەسەر دەستی کوردەکان، بکەین!!) هەروەها گوتی: (... هەولێرو کەرکوك، هەر هەمووی تورکمانن، لەم سالأنەی دواییدا، کوردە گوندنشینەکان، هاتنە ناوشارو ڕێژەکەیان گۆڕی..).

کەناڵەکان، لەکاتێکدا ئەو بۆچوون و هەواڵە چەواشەکاریانە بلأو دەکەنەوە، باش ئەو ڕاستییە دەزانن، کەسەردەمی زێڕینی تورکمانەکان، سەردەمی دوای ڕاپەڕین و سەرهەڵدانی خەڵکی کوردستان و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانە.. چونکە لەسایەی ئەو حکومەتەدا، تورکمانەکان، بەتەواوی مافە سیاسیو کولتوریو ڕۆشنبیریەکانی خۆیان، شادبووینە.. زێتر لە (٨) پارتی سیاسیو (٤-٥) کۆمەڵەی تورکمانییان هەیە[١]. وێڕای چەندان قوتابخانەو ئامۆژگاو هەتا کۆلێژیش، کە بەزمانی خۆیان دەخوێنن و دەنووسن و چەندان گۆڤارو ڕۆژنامەو بلأوکراوەش دەردەکەن.. هەموو ئەو ڕاستییانە، دەزانن، کەچی خۆیان گێل دەکەن و، بۆ ئاژاوە نانەوەو دووبەرەکی دروستکردن، ئەو هەواڵە چەواشە کارییانە، بلأو دەکەنەوە، تاوەکو زەمینە خۆشبکەن و ڕای گشتی دەرەوە ڕازی بکەن، جێ پێیەکی خۆیان لەکوردستان بکەنەوەو حکومەتی هەرێم و دەزگا شەرعییەکان لەبار ببەن.. دەنا ئەوان باش دەزانن، کە لەسەردەمی ڕژێمدا، تورکمانەکان، نەك هەر مافیان نەبووە، بەڵکو نکۆلی بوونیشیان لێکراوە[٢].

---

١ - چاوپێکەوتنێك لەگەڵ (وەلید شەریکە)ی ئەمینداری گشتی پارتی برایەتی تورکمانی، کەناڵی ئاسمانی (K.tv)، ڕۆژی ١٥/٣/٢٠٠٣.

٢ - چەند هەفتەیەك پێش ڕوخانی ڕژێم، (تاریق عەزیز)ی گەورە لێپرسراوی عێراق، چووە تورکیا، لێیان پرسی، وەزعی تورکمانەکانی عێراق چۆنە؟! لەوەلأمدا گوتی: تورکمان لەعێراقدا بوونی نیە، بۆیە لەم بارەیەوە هیچ کێشەو مەسەلەیەکمان نییە.

# لەپێناوی ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆدا

ئەوەی ئەمڕۆ تێبینی دەکریو بۆشاییەکی گەورەی خستۆتە تەلاری ڕۆژنامەگەریی کوردی، نەبوونی ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆیە، کە گوزارشت لەبیرو بۆچوونی تـەواوی خەڵك بکات و ئازادانە بۆچـوونەکانیان بـلاو بکاتـەوە... ئـەوەی ئیمـڕۆ بەرچـاوەو پانتاییەکی فراوانی پڕکردۆتەوە، ڕۆژنامەگەریی حزبییە.. هەڵبەتە، ڕۆژنامەگـەریی حزبیش، لەخزمەت بەرنامەکانی حزبدا دەبێت، ئەگەر جاروباریش بوار بـدات بـۆ بلاوکردنەوەو هەناسەدانی دەنگە ئازادەکان، بەلاّم ئـەوە بـەس نییـە بـۆ ڕۆژگـاری ئەمڕۆمان و دنیای شارستانیەت و مـەدەنی. ئـەو هـەموو ڕۆژنامـەو مانگنامـەو وەرزنامانەی کوردستان، ئەگەر نەڵێم هەر هەموویان، ئەوا بەدڵنیاییەوە، بەشـێکی زۆریان سەر بەحزبەکانن.. ئەو کەمەی کە دەمێنێتەوەش بەپاڵپـشتی ئـەو حزبانـە دەردەچێت.. هەر زۆری ئەو مینبەرە حزبییانەشە، کـادیری ڕژنامەگـەریی چالاك و قەڵەم بەبڕشتی هێناوەتە ئاراوە، بەلاّم بەداخەوە، لەبەر نەبوونی سەرچاوەی بـژێوی ژیان، ئەو کادیرانە نـەیانتوانیووە لەخزمـەت کۆمـەلاّنی خەڵکـدا کـار بکـەن و داخوازییەکانیان بهێننە دی.. ئەو ڕۆژنامەنووسانە، لەسەر ئەو هێڵە گشتییە دەڕۆن

کەحزب بۆی کێشاون و ناتوانن ئەو هێڵە سوورانە ببەزێنن، ئەگەر بەزاندییان، ئەوا نان بڕاو دەکرێن و پشتەو پەنایەکیشیان نییە داکۆکیان لێ بکات... هەر ئەو هۆکارانە، دەیان دەنگی بوێرو خاوەن سەدای خەفە کردووەو نەیهێشتووە توێژێکی چالاکی ڕاگەیاندن دروست ببێت.. جاری وا هەیە، بابەتێك دەگاتە ڕۆژنامەکان، بەبیانووی، (لەگەڵ ڕێبازی ڕۆژنامەکەماندا ناگونجێت) دەخرێتە لاوەو بواری بڵاوکردنەوەی پێنادرێت.. ئەو ڕۆژنامەنووسە حزبییانە ئەوەش باش دەزانن کە سەرچاوەو ستوونی سەرەکی بابەتەکە، ڕاگەیاندنەکانی ئەو دەوڵەتە دراوسێیانەیە کەحزبەکەی ئەوان پەیوەندییان لەگەڵیان هەیە.. کە بابەتێك بەئاشکراو بەڕاشکاوی لەمیدیاکانی ئەو دراوسێیانە بڵاوکرابێتەوە، بۆ دەبێت لەلایەن ئەو ڕۆژنامانەی لای خۆمانەوە هێڵی سووریان بەژێردا بکێشرێت و بڵاو نەکرێنەوە؟!

لەبەر ئەوە، هەرچی زووترە، ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی کوردی پێویستی بەهەبوونی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سەربەخۆی دوور لەسانسۆری حزبەکان هەیە.. بۆ مەیسەر کردن و دروستبوونی ئەو ڕۆژنامەیەش، سەرەڕای بەرقەرار بوونی ئازادیو دیموکراتی، پێویستی بەسەرچاوەیەکی باشی دارایش هەیە تاوەکو بتوانێت بەردەوامییەك بداتە ڕۆژنامەکەو ببێتە ڕۆژنامەی گەل.

بەبۆچوونی من، بڵاوکردنەوەی ئاگاداریو ریکلام، سەرچاوەیەکی دارایی بەهێز بۆ ڕۆژنامە داین دەکەن.. ئەگەر کۆمەڵگای کوردی ئەمڕۆ نەگەیشتبێتە ئەو ئاستەی کە گرنگی ریکلام بزانێت و، بایەخی پێبدات، ئەوا بەدڵنیاییەوە دەڵێم بەشێوەیەك لەشێوەکان، زۆر بوار هەیە بۆ بڵاوکردنەوەی ریکلام، وەك:

- بڵاوکردنەوەو هەڕمێن پەیداکردن بۆ کۆمپانیاکان (بەکەرتی تایبەت و گشتییەوە).

- ریکلام بۆ جۆری خـواردن و هــەرزانی چێـشتخانە بـاش و نمـرە یەکـەکانی کوردستان.

- بــەهۆی کردنـــەوەی دەرگــای کوردســـتان بــەڕووی گەشــتکارانەوە، گرنگـــی هوتێلەکانی کوردستانمان بۆ دەردەکەوێت و وپڕوپاگەندە کردن هۆکارێك دەبێت بـۆ سەرنج ڕاکێشانی خەڵك بۆ ئەو شوێنانە.

- بازاڕو نمایندە بازرگانییەکانی کوردستان، کە لــەدەرەوە کەلوپــەل و خــۆراك و خواردنەوە بۆ کوردستان دەهێنن و پێویستیان بە ریکلام هەیە.

- خەڵکی گشتی زۆر جاران پێویستیان بەبلاوکردنەوەی (ئاگادارینامە) دەبێت، بۆ بەکرێدان و فرۆشتنی دوکان و خانووبەرەو ئۆتۆمبیل و فرۆشتنی کۆنە کەلوپەلی ناو مــاڵ و ئــامێری ئــەلکترۆنی.. ئەگــەر ئــەو دیــاردە لەکوردســتان ببێتــە بــاو، کاروبارەکانی خەڵك، زۆر بەئاسانیو رێك و پێکی بەرێوە دەچێت.

- ریکلام بۆ فرۆشتنی مەڕو مالات و ئاژەڵ و پەلەوەر.

- ریکــلام بــۆ نووســینگەکانی گەیانــدن، هەڵبەتــە ئــەمڕۆ لەزۆربــەی شــارو شارۆچکەکانی کوردستاندا، چەندان نووسینگەی لەم بابەتە هەیــە، ئەوانــەش بــۆ پەیداکردن و سەرنج ڕاکێشانی خەڵك پێویستیان بە ریکلام هەیە.

- ریکلام بۆ پارێزەرە ناودارەکانی کوردستان.

- پروپاگەندە کردن بۆ شوێنە گەشـتوگوزارییەکان و ئــەو پارکانــەی کــە ســەر بەکەرتی تایبەتن.

- ســەرەڕای هــەموو ئەمانــەش، ڕۆژانــە خــەڵك پێویــستیان بەبلاوکردنــەوەی ئاگاداریو شتی لەم بابەتە دەبێت وەك: (پرسەنامە، پیرۆزبایی بەبۆنەی مارەبڕین و

هاوسەرێتیو منداڵ بوون، خانوو تاپۆکردن، ونبوون، ناو گۆڕین، بەناوکردنی ئۆتۆمبیل،.. تاد).

لەدەرەوە، ڕۆژنامەی ناوخۆی وا هەیە، لەڕێگای پۆستەوە بەخۆڕایی بەسەر سەرجەم خەڵکدا دابەش دەکرێت، چونکە بەهۆی ریکلامەوە قازانجێکی زۆر دەکاتو بەو هۆیەش خوێنەرێکی زۆر بۆ خۆی پەیدا دەکات.. ڕۆژنامە گەورەو بەناو بانگەکانیش، پانتاییەکی گەورە بۆ ریکلام تەرخان دەکەن و، بەنرخێکی هەرزانی ڕەمزی دەفرۆشرێن.

ڕۆژنامەکان، پاش لاپەڕەکانی سیاسەت و کولتوورو ئابووریو ڕیپۆرتاژو وەرزش و هەمەڕەنگ، لاپەڕەکانی تریان تەرخان کردووە بۆ بڵاوکردنەوەی ریکلام.. ریکلامی وا کە لەوانەیە جارێ لەکوردستاندا، جێگای سەرنج و بەدواداچوون نەبێت.. نموونەی:

- فرۆشتنی پشیلەو توتکە سەگ.

- کۆنە مۆبیل و تەلەفزیۆن و سەلاجەو کەرەوێت و رایەخ و ژووری منداڵان، بۆ فرۆشتن یان بەدیاری پێشکەش کردن.. خاوەنەکەی، ئەدرەس و ژمارە تەلەفۆنی خۆشی بڵاودەکاتەوە.

- ژن هەیە لەمێرد دەگەڕێت، پیاویش هەیە لەژن.. هەر یەکەیان مواسەفاتی خۆی: (تەمەن، باڵابەرزی، کێش، ڕەنگ، ئارەزوو)، بڵاودەکاتەوە.

ریکلام، یەکێکە لەبڕبڕە سەرەکییەکانی هەیکەلی جیهانی سەرمایەداریو، هۆکارێکیشە بۆ برەو دان و هەرمێن پەیداکردن بۆ کۆمپانیاکان....

ڕۆژنامەی (حوررییەت)ی تورکی، یەکێکە لەڕۆژنامە گرنگ و بەربڵاوەکانی ئەو وڵاتە، ئەوەندە گرنگی بە بڵاوکردنەوەی ریکلام دەدات کەجاری وا هەیە لەکۆی (٤٨) لاپەڕە، زێتر لە (٢٠) لاپەڕەی تەرخان کردووە بۆ ئەم مەسەلەیە...

ئەگەر توانیمان، عەقڵیەتی خەڵك بگۆڕین و زەمینەیەکی وا لەکوردستاندا بخولقێنین و برەو بەدنیای پڕوپاگەندەو ریکلام بدەین، بێ چەندو چوون دەتوانین چەندان ڕۆژنامەی سەربەخۆ دەربکەین... ئەو کاتە، پێویستیمان بە لەدەرگادانی ئەو حزب و ئەم حزب نابێت، بۆ کۆکردنەوەی یارمەتیو کۆمەك و بوون بەپاشکۆ بوونیان و، بەدەیان دەنگی ئازادو بوێریش دروست دەکەین، کە گوزارشت لەداواکانی خەڵك بکات.. ئەو کاتە، ئەو دەنگانە، هێلی سووریان بەژێردا ناکێشرێت و خەڵکیش ئازاد دەبن لەدەربڕینی هەڵوێست و بیرو بۆچوونەکانیان...

# ڕۆشنبیریی نیشتمان پەروەری

بەهۆی ئەو شەڕو پێكدادانە ناوخۆییانەی كوردستان و گوێ نەگرتن لەداواكانی جەماوەر، لەلایەن هێزە شەڕ كەرەكانەوە، خەڵك گەلێكی زۆری كورد، بەتایبەتیش ئەوانەی ڕوویان لەدەرەوە كرد، لەسیاسەت و كوردایەتی كردن ساردبوونەوە.. تاكی وا هەیە، كە تەمەنی خۆی لەسیاسەت و كوردایەتی بەهەدەر داوە كەچی ئەمڕۆ وازی لەچالاكیو وابەستبوون بەحزبایەتی هێناوە... زۆر جارانیش كە قسە دێتە سەر كوردایەتی، بەڕاشكاوی دەڵێن، ئەگەر بۆم بكرێ ناسنامەی خۆم دەگۆڕم و بەكوردیش قسە ناكەم. لەوانەیە، ئەو خەڵكانە تارڕادەیەك لەسەر هەق بن و، ئەو شەڕە ناوخۆییەش هۆكارێك بێت بۆ وازهێنان لەسیاسەت و دووركەوتنەوە لەزێدو مەملەكەت، بەلاّم بەهیچ جۆرێك و بەهەر بیانوویەك بێت، ڕەوا نییە دەستبەرداری كوردایەتیو هەست و سۆزی نیشتمانپەروەری بیت.. چونكە كوردایەتیو نیشتمانپەروەری هەر تەنها لەسەر یەكێتیو پارتی تاپۆ نەكراوە، تا ئەوان هێڵە سوورەكە ببەزێنن و تۆش دەستە وەستان و گۆشەگیر بیت و، پشت لەكولتوورو یادەوەریو ڕابردوو بكەیت و، خۆت لەو نیشتمانە نەكەیت بەخاوەن كە تەمەنی خۆت لەپێناویدا بەخشیووە.

ئەمڕۆ، لەهەموو کاتێك زێتر پێویستیمان بەتێگەیشتن لەچەمکی کوردایەتیو هەست و سۆزی نیشتمانپەروەری هەیەو، ئەو ولاّتەش پێویستی بەوزەو توانای هەموو تاکێك هەیە، جا هەر کەسەو لەمەوقیعی خۆیەوە.. پێویستە پەند لەڕابردوو و ئەو ولاّتە پێشکەوتووانە وەربگرین، کە ئەوانیش قۆناغێك لەقۆناغەکان، بەو بارودۆخەی ئێمەدا تێپەڕیون. ئەلّمانیای پاشماوەی هیتلەر، پاش کۆتا هاتنی جەنگ و شکست خواردنی، زۆر بەپەرۆشەوە کەوتنە خۆو ولاّتەکەیان ئاوەدانکردەوە... ئەوان ڕۆژێك لەڕۆژان، بەچاوی داگیرکەر سەیری ئەو سەربازە ئەمریکییانەیان نەدەکرد کە بۆ یارمەتی دان و ڕزگاربوون لەکابوسی هیتلەر هاتبوون. ئێستاشی لەگەلّدا بێت، هێز گەلێکی زۆری سوپای ئەمریکا، لەکەمپەکانی ئەو ولاّتە مۆلّیان خواردووە، جگە لەکەسانێکی ژمارە کەمی ڕەگەزپەرست و پاشماوەی هیتلەر -ئەویش بەنهێنی- دەنا کەسی تر بەچاوی سووك و داگیرکەر سەیری ئەو هێزانە ناکەن.. ئەلّمانیا، بەهۆی ژیریی‌و لێهاتوویی خەلّکەکەیی‌و یارمەتیدانی هاوپەیمانان، لەولاّتێکی خاپوور کراوو کاولگە بۆتە ئەو ئەلّمانیایەی کە لەبواری تەکنیك و پیشەسازیدا، شان لەشانی زلهێزەکانی جیهان بدات... ئەلّمانەکان، پێش هەموو شتێك، خەلّکێکی نیشتمانپەروەرن و زێدەکەی خۆیان خۆش دەوێت، بەتایبەتیش پیرو بەساڵدا چووەکانیان. ئەو بەساڵداچووانە، کە بەشارو شەقام و پارکەکاندا گوزەر دەکەن، خۆیان بەکارمەندێکی شارەوانی حسێب دەکەن و، بێ بەرامبەر شەقام و پارکەکان، خاوێن دەکەنەوە. ئەوان لەکاتێکدا، کەخریکی هەوا گۆڕین و پیاسە کردنن، لەهەمان کاتدا، شوشەو قوتی بەتاڵ و کارتۆن و قونکە جگارەو شتی لەم بابەتە کۆدەکەنەوەو، دەیخەنە سەبەتەی تایبەت بەو پاشماوانە. کەدەبینن، هەرزەکارێك، یان بێگانەیەك لقە دارێك دەشکێنێ یان ئازاری باڵندەیەك دەدات و شتێك فڕێدەداتە

سەر شەقام و پارکەکان، لێی وەدەنگ دێن و ئاگاداری دەکەنەوە، جارێکی تر ئەم کارە دووبارە نەکاتەوە.. کەلێیان دەپرسی، ئێوە کارمەندی شارەوانین؟! لێت دێنە دەست و دەڵێن: ئەو وڵاتە، جیلی ئێمە ئاوەدانی کردۆتەوە، چۆن دەستبەرداری وڵاتەکەمان بین و پارێزگاری لێ نەکەین، خۆ پارێزگاریکردن هەر بەچەك و سەنگەر گرتن نییە؟! ئەو خەڵکانە، هیچیان سەر بەحزبە دەسەڵاتدارو ڕکابەرەکانیش نین.

وڵاتێکی وەکو یۆنانستان، سەرەڕای بوونی چەند نەتەوەو ڕەگەزێکی بچووك بچووکی تری غەیرە یۆنانی، لەڕووی هەستی نەتەوایەتیو نیشتمانپەروەری، کەم نەتەوەی تر هەیە لەسەر ڕووی زەمین، شان لەشانیان بدات.. کەشتێکی نامۆو نابەلەد لەسەر خاکی وڵاتەکەیان دەبینن، بێ سیو دووکردن، ئاگاداری پۆلیس و ئاسایش دەکەنەوە. کەم کەس هەیە لەئێمەمانان، ڕێمان بەو وڵاتە کەوتبیو هەستمان بەو دیاردەیە نەکردبێت. کاتێك کەڕەوی کوردان، بەنیازی سەرهەڵگرتن بەرەو وڵاتانی ئەورووپا، بەو وڵاتە گوزەریان دەکرد، شەوانە شەو ڕۆیشتن و بەڕۆژیش لەناو جەنگەڵ و کەپرو خانوچکەی جوتیارو شوان و ڕاوچییەکان، خۆیان حەشار دەدا... لەو کاتانەدا، هەر هێندەت دەزانی، شوان و ڕاوچییەکانت لێ پەیدا دەبوون، زۆریان لێ دەپاڕایتەوە دەنگ نەکەن و ئاگاداری پۆلس نەکەنەوە، ئەوان هەر سوور بوون لەسەر خەبەردان و تەسلیم کردنت بەبنکەکانی پۆلیس.. زۆر جارانیش بۆ ڕازیکردن و لەخشتە بدرنت، دەیانگوت: لێرە بمێنن و خۆتان دەرمەخەن، باکەس نەتانبینێت.. کەشوانەکان دەڕۆیشتن، هەر هێندەت دەزانی سوار ماتۆڕە پۆلیسەکان، وەك زەنگە زۆرە بەسەرت وەردەبوون و قۆڵ بەستیان دەکردیت و سنوورداشی تورکیایان دەکردیتەوە..

ئێمەی کورد، دوور لەوابەستەبوون بە یەکێتیو پارتیو حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ترەوە، پێش هەموو شتێك پێویستە هەست بەنیشتمانپەروەریو کوردایەتیو خۆ بەخاوەن زانینی ئەو کوردستانە بکەین... چونکە ئەو سەرکردەو حزب و ڕێکخراوانە تاسەر دەسەڵاتدارو خاوەن بڕیار نابن، تائێمە بەبیانووی دژایەتی کردنی ئەوان، دژایەتی کوردایەتیو نیشتمانی خۆمان بکەین. ئەو وڵاتە هەر تەنها موڵکی ئەوان نییە، موڵکی هەموو تاکێکە کەخۆی بەکوردو هاوڵاتی بوونی ئەو دەڤەرە بزانێت.

بۆ دەبێ چاوپۆشی لەخەڵکێکی نامۆو بێگانە بکەین و خۆمان بەخاوەن ماڵ نەزانین؟! بۆ دەبێت چاوپۆشی لەهەرزەکارێکی فاشیل و سەرلێشێواو بکەین و ڕێگە بدەین ژیان لەناو ببات و جوانیەکان بشێوێنی؟! خۆ ئەوانە هەر دوژمنی یەکێتیو پارتی نین؟! ئەگەر چاوپۆشی کردن لەو کەس و لایەن و بێدەنگ بوون لەئاستیان خیانەت نەبێت، ئەدی چ پێناسەیەکی تر بۆ خیانەت دادەڕێژین؟!

پێش هەموو شتێك، دەبێت کوردو کوردستانی بین. دەرس و عیبرەت لەڕابردوو و گەلانی پێشکەوتوو وەربگرین... سادەترین نموونەش بۆ ئەم ئەزموون و پەند وەرگرتنە، بەسالڵداچووەکانی ئەڵمانیاو شوان و ڕاوچییە یۆنانیەکانە...

# وەڵامێکی هێمنانە بۆ کاك

# (عەزیز قادر سامانچی):

# زمانی ژمارە... نەك زمانی گۆترە

ڕەوشی عێراق، ئەمڕۆکە بۆتە سەرباسی هەموو گۆڤارو ڕۆژنامەو بەرنامەکانی کەناڵە ئاسمانیەکان.. کەناڵە عەرەبییەکانیش دریغییان نەکردووە لەباسکردن و لێکۆڵینەوەی ئەم ڕەوشە، جا چ بە ئەرێنی بێت یاخود بەپێچەوانەوە. کەناڵی ئاسمانی (ANN)، یەکێکە لەو کەناڵانەی کەهیچ نەبێت هەفتەی جارێك لەڕێگای بانگهێشت کردنی کەسایەتیە پەیوەندیدارەکان، ئەم بابەتە دەکاتە تەوەری گفتوگۆ.

ڕۆژی سێ شەممە، ١٤/١/٢٠٠٣، لەبەرنامەی (قناديل في الظلام)، بانگهێشتی دوو کەسایەتی عێراقی (کوردو تورکمان)ی کردبوو.. خاتوو ئالا تاڵەبانی، نوێنەری یەکێتی ژنانی کوردستان و بەڕێز (عەزیز قادر سامانچی) نوێنەری بەرەی تورکمانی لە لەندەن. ئەوەی جێگای سەرنج و لێووردبوونەوە بوو، داخۆیان و بانگەشەکانی کاك (عەزیز) بوو، کەوای لێکردم ئەم تێبینیو وردە سەرنجانە بخەمە ڕوو.

تورکمانەکان، بەتایبەتیش بەرەی تورکمانی ئەوە یەکەمین جاریان نییە داخۆیانی لەم بابەتە بدەن.. ئەگەر کەسانێك هەبێت بەدوای کەناڵی تورکییەکان (تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە)دا بچێت، ئەوە سەدان سەرنج و تێبینی لەم بابەتە دەستەچن دەکات. کاك (قادر) نەك جارێك، بەڵکو چەندان جار بەڕاشکاوییەوە ئەوەی ڕاگەیاند کە:

- ژمارەی تورکمانەکان لەعێراقدا زێتر لە (٢-٣) ملیۆنن.
- ڕازی نین بڵێین، هەولێر شارێکی کوردیە، بەڵکو دەبێت بڵێین شارێکی عێراقیە.
- ئەوان -بەرەی تورکمانی- بەفیدراڵی ڕازی نین.. ئەگەر فیدراڵی بۆ سەرجەم عێراق دانی پیانراو بووە ئەمری واقیع، ئەوا ئەوان دژی دەوەستن و بەربەرەکانی دەکەن.
- دەبێت بەشی تورکمانەکان لە ٦٪ زێتر بێت، چونکە پێکهاتەیان لەعێراقدا زۆر لەوە زێترە.
- ئەوان بەکرێگیراوو داردەستی تورکیا نین.

برادەرێکی تری تورکمانیش -وابزانم ئەویش نوێنەری بەرە بوو- لەسوێدەوە کەناوی (محەمەد خورشید) بوو، زێتر جەختی لەسەر قسەکانی کاك عەزیز کردو گوتی: (.. ئەگەر سەیری هەولێر بکەین، ئەوە ژمارەی تورکمانەکان زۆر لەکوردەکان زێترن). ئەمانەو زۆر هەوڵی تری لەم بابەتە، کە لەوانەیە خەڵکی نەشارەزاو غەیرە عێراقی پێ چەواشە بکری‌و مەسەلەکە تووشی تەنگژەیەکی قوڵتر بکات.

ئێمە بۆ ڕاستی‌و دروستی بۆچوونەکان، بە بەڵگەو ژمارە قسە دەکەین، چونکە ئەمڕۆ زمانی گۆترەو گۆترە کاری کاتی بەسەرچووەو بۆ یەکلایی کردنەوەی پرسەکانیش هیچ سەنگێکیان نیە.. ئەوان پێیان وایە -ئەگەر بەئاشکراش نەیدرکێنن- کەرکوك و موسڵ و هەولێر سێ شاری تورکمانین و نابێت بچنە ناو

بازنەی دەسەلاَتی کوردەوە.. ئێمە بەکاك عەزیز و ئەمـسالەکانی دەلـێین، باشـترین بەلگە کە ئەمڕۆکە لەبەردەستی خەلکی عێراقدایە سـەرژمێری سـالی (١٩٥٧)و داخۆیان و ڕاگەیاندنی چەند گەشتیارو ڕۆژهەلاَتناسێکە لەبارەی ئەم پرسەوە. با کاك عـەزیزو بـەری تورکمـانی ئەوەنـدە پەلـە نەکـەن لەگـەورەکردن و زەقکردنـەوەی یەکگرتووەکان و لەسەقایەکی ئازاددا ئەنجام دەدرێ، ئەوجا کورد گۆتەنی: (.. ڕەش و سپی بەدەر دەکەوێت).

جارێ بۆ مەسەلەی زۆری ژمارەی تورکمانەکان و تورکمـان بـوونی کەسـایەتی شاری کەرکوك، ئەوە باسەیری (قاموسی ئەعلامی شەمسەدین سامی -بکات- کە لەسالی ١٨٨٩ی زایینی لەئەستەمبۆل دەرچووە. دەربارەی کەرکوك دەلـێ: ژمـارەی دانیشتوانی ٣٠ هەزار کەس دەبن، ئەگەر بێتو دابەشیان کەینە سەر چوار بەش ئەوە سێ بەشیان کوردن و بەشەکەی تریشیان تورکمان و عەرەب و کلدانن)[1].

ئەو کتێبە، کورد نەیاننووسیووە، تاوەکو زێدەڕۆیی تێدا بێت و مەسەلەی سـۆزی نەتەوایەتی زالّ بوو بێت، بەلکو نووسـەرێك نووسـیویەتی کەسەرچـاوەی ئیلـهام و دەرس وەرگرتنە بۆ تورکمانەکان و لەشوێنێکی وەك ئەستەمبۆل چاپکراوە کە بۆتـە قیبلەی بەرەی تورکمانیو بەو بایە دەژین کە لەوێوە دێت.

هەروەها دکتۆر (فاضل حسین)یش کـە نووسـەرێکی عەرەبـە (لەکتێبەکەیـدا (مشکلة الموصل) کەچاپی سێیەمی لەسالی ١٩٧٧ی زایینی بەیارمەتی زانستگای بەغدا چاپکراوە، ژمارەی دانیشتوانی کـەرکوك بـەپێی لیژنـەی لێکۆلینـەوە کـە لەناوەڕاستی بیستەکاندا پێکهاتبوو، بەم شێوەیەی خوارەوە دیاری دەکات: (عـەرەب

١ –فەیسەلّ دەباغ، کوردو کەمە نەتەوایەتیەکان لەسـەرژمێری سـالی ١٩٧٧ دا، بەشـی دووەم، هەولێر، ١٩٩٩، ل١٠.

٣٥,٦٥٠ کەس)، (کورد ٤٧,٥٠٠ کەس)، (تورك ٢٦,١٠٠ کەس)، (دیان ٢,٤٠٠)[1].

ئەم دوو نووسەرە (شەمسەدین سامیو فاضل حسین)، هیچیان کورد نین، تاوەکو بەلای کوردەوە دایانشکاندبی. جگە لەوەش کەکتێبەکەی شەمسەدین سامی چاپکراوە -ساڵی ١٨٨٩- ئەو کاتە کەرکوك و تەواوی عێراق لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەرە عوسمانیەکاندا بووە، تاوەکو دڵنیا نەبین لەڕاستیو دروستیو، بڵێین لەژێر گوشاری سیاسی کورددا نووسراوە؟!

هەروەها (لەکتێبی (الأحصاء في العراق ١٩٤٨)یش کە حکومەتی عێراق لەبەغدا لەساڵی ١٩٥٤دا بلاوی کردۆتەوە ژمارەی کورد لەکەرکوکدا ١٥١/٥٧٥ هەزار کەس بووە، واتە ٥٣٪ سەرجەمی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوك کە ٢٨٦/٠٠٥ کەس بوو)[2].

لەسەرژمێری گشتی ساڵی ١٩٥٧یش کەزۆربەی هەرە زۆری ئۆپۆزسیۆنی عێراقی ئەوە دەکەنە بنەمای پێکهاتەی دانیشتوانی عێراق، پێکهاتەی کەرکوك بەم شێوەیە بووە، (١٨٧٥٩٣ کورد ١٠٩٦٢٠ عەرەب، ٨٣٣٧١ تورکمان، ١٦٠٥ سریانی، ٦٦٥٠ نەزانراوە)[3].

لەم سەرژمێرییەشدا، دیسان ژمارەی کورد بەشێوەیەکی یەکجار بەرچاو لەعەرەب و تورکمان زێدەتر بووە.

---

١ – فەیسەڵ دەباغ، کوردو کەمە نەتەوایەتیەکان لەسەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ دا، بەشی دووەم، هەولێر، ١٩٩٩، ل١٠.

٢-هەمان سەرچاوە، ل١٠.

٣ -د.عەبدوڵڵا غەفور، ئەتنۆ-دیمۆگرافیای باشووری کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٧٣.

ئەگەر کاك عەزیز و بەرەی تورکمانی دڵیان بەوە ئاو ناخواتەوەو ئـۆقرە نـاگرن، ئەوە لەسەرژمێری ساڵی ١٩٩٧یش —کەپێم وایە غەدرێکی زۆر لەکورد و تورکمان و غەیرە عەرەب کراوەو نابێت بکرێتە سەرچـاوە- ئـەوە پێکهاتـەی کـەرکوك بـەم شێوەیە بـووە، (٣٧/٦٪ کـورد، ٤٤/٤٪ عـەرەب، ١٦/٣٪ تورکمـان، ٨،٠٪ سریان)[١].

بۆ مەسەلەی پێکهاتەی باشووری کوردستانیش، ئەوە لەسەرژمێری ١٩٥٧دا بەم شێوەیە بوو: (١٠٠٢٠٠٠ هـەزار کـەس کـورد، ٦٤٣٠٠٠ عـەرەب، ١١١٠٠٠ تورکمان، ٥٣٠٠٠ سریان)[٢]. بەپێی ئەو نەزەرییەی کە دکتۆرە خاتوو (هانە لۆرە کیوشلەر) لەنامەی دکتۆراکەیدا، لە پەراوێزی ژمارە ٢٠ی لاپەڕەی ٥٣٥دا ئاوەها دەنووسێت: (بەپێی یاسایەکی دیموگرافی، نەتەوەکان هەر بەبیست ساڵ ژمارەیـان دەبێتە دوو قاتی خۆی)[٣] کەواتە بەگوێرەی ئەو نەزەرییە، دەبێت بۆ سـاڵی ٢٠٠٢ پێکهاتەی دانیـشتوانی کوردسـتان بـەم شـێوەیە بێـت: (٤/٨٠٩/٦٠٠ کـورد، ٣/٠٨٦/٤٠٠ عەرەب، ٥٣٢/٨٠٠ تورکمان، ٢٥٤/٤٠٠ سریان).

لەم حالەتەشدا ژمارەی کوردەکان بەزێتر لەحەوت قات لەژمارەی تورکمانـەکان زێترە. کەواتە بەچ هەقێك ڕێ بەخۆیان دەدەن ژمارەی تورکمانەکان بەقەدەر کورد یان زێتر حسێب بکەن؟! دەبێ ئەوەش بزانین، ئەو سەرژمێرییەی ساڵی ١٩٥٧ کە ژمارەی تورکمانەکانی بە (١١١) هەزار کەس حسێب کردووە، تەنها باشووری کوردستانەو،

---

١ – د.عەبدوڵلا غەفور، ئەتنۆ- دیمۆگرافیای باشووری کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٧٣.

٢ –هەمان سەرچاوە ل٥٤.

٣ – د.جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، وەرگێڕانـی بـۆ کـوردی، کـوردۆ عـەلی، سـوێد، ١٩٨٥، ل١.

باشووری کوردستانیش ئەم شارانە لەخۆی دەگرێت: (هەولێر، کەرکوك، موسڵ، سلێمانی، خانەقین، دهۆك). واتە ژمارەی تورکمانەکان لەساڵی ۲۰۰۲ دا، لەسەرجەمی ئەو شارانەدا (۵۳۲/۸۰۰) هەزار کەسە. ئەگەر سەرجەم عێراقیشی بخەینە سەر ئەوە چ بارستاییەکی ئەوتۆ زێدە ناکات، چونکە ڕێژەی تورکمانەکان بەزۆری لەو شارانەن کە ناومان بردون. جا توخوا چ ڕەوای هەقە، ئەمڕۆکە نیو ملیۆن کەسیان لێ ببێتە (۲-۳) ملیۆن؟!

بۆ بەرچاو ڕوونتر کردنشیان، دەبێ ئەوەش بزانن کە ڕێژەی چڕی دانیشتوانیان لەم شارانەدا، کە خۆیان بەزۆربە دەزانن بەم شێوەیە: (هەولێر ۸۷٪ کوردو ۳۹/٤٪ تورکمان، مەڵبەندی قەزای کەرکوك ۳۸٪ کوردو ۲۱٪ تورکمان، ناحیەی تازەخورماتوو ٤٤٪ کوردو ۳۲٪ تورکمان، ناحیەی پردێ ۷۵٪ کوردو ۱۷٪ تورکمان، ناحیەی قەرەتەپە ۱۲٪ کورد ٤٪ تورکمان، مەڵبەندی قەزای تەلەعفەر ۵۲,۰٪ کوردو ۵۲/۱٪ تورکمان). لەقەزای تەلەعفەردا بەرێژەی لە ۱٪دا لەکوردان زێترن، ئەویش عەرەبەکان لە ۹۷٪ن، دەنا لەهەموو ئەو شارانەی لافی تورکمانی بوونی پێ لێدەدەن، کورد بەرێژەیەکی زۆر لەوان لەپێشترن. ئەم ژمارەیەی باسمان کرد بەرەنجامی سەرژمێری (۱۹۷۷)ە، کە زۆر جێگای گومانە، بەڵام هەر بۆ ئەوەی بزانن ڕێژەو قەوارەی ئەوان ئەوە نییە کەباسی دەکەن، خستوومانەتە ڕوو.

ئەمە واقیعی ئەمڕۆی کوردستان و عێراقە، با کاك عەزیز و بەرەی تورکمانی سەر پشك بن، یەکێك لەو هەموو سەرژمێرو تۆمارو نەزەرییانە هەڵبژێرن و قەوارەی واقیعی خۆیان بزانن، ئەگەر هەر ڕازیش نین ئەوە باوەك هەموو نەتەوەو کەمە نەتەوەو تایفەکانی عێراق بێ دەنگ بن تا هەڵبژاردنی گشتی دوای نەمانی ڕژێمی دکتاتۆری سەدام.. ئەگەرنا هەر داخۆیان و ڕاوو بۆچوونێکی تری لەو بابەتانەیان،

جگە لەئیستیفزاز کردنی نەتەوەی کوردو خەڵکی کوردستان، هیچ شتێکی تری لێ شین نابێت.. بەرەنجامی ئیستیفزازو ئیهانە کردنیش شەپۆلی ڕق و کینەی لێ دەکەوێتەوە، کەئەوەش نە لەبەرژەوەندی کوردو نە لەبەرژەوەندی تورکمانەکاندایە... ئەوە قەدەرە، دەبێ پێکەوە بژین.. بەڵام با لەبەر بەرژەوەندییە هەنووکەییەکان، لەخۆمان بایی نەبین و قەوارەو کێشی خۆمان، لەهاوکێشە سیاسیەکاندا، وەك هەیە، باس بکەین، نەك بکەوینە داوی سۆزو ئەندێشە ئامێز.

هەر لەپەراوێزی ئەم نووسینەشدا، پێم باشە ئەم خاڵانە ڕوون بکەمەوە:

١-تورکمانەکان لەساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٤، هەموو خۆیان بەکورد دەزانیو (بارزانی)یان بەسەرکردەی خۆیان دەزانی.

٢-لەساڵانی ١٩٧٥-١٩٨٧وە، ئەوەندەی خۆیان بەعەرەب حسێب دەکرد، نیو هێندە خۆیان بەتورکمان نەدەزانیو بەشی زۆریشیان خزابوونە ناو تۆڕەکانی حزبی بەعسەوە، چونکە ئەو کاتە بەخت و چارەنووسی کورد ڕوو لەلێژی بوو.

٣-لەساڵی ١٩٨٨یشدا، کاتێك کەزۆربەی کوردەکان لەریزەکانی سوپادا هەڵدەهاتن و ڕازی نەبوون ببنە سووتەمەنی جەنگی کاولکاری عێراق- ئێران ئەو کاتە ڕاپەڕینێکی مێژوویی لەکوردستان سەریهەڵداو ڕژێمی ناچار کرد کە کوردەکان لەخزمەتی سەربازی ببوورێ.. ئەو کاتە دەبوایە (مەزبەتەی تەئید قەومیەو تەئیدی موختار) پەیدا بکەیت، تاوەکو کورد بوونی خۆت بسەلمێنیو لەخزمەتی سەربازی ببووردرێیت. لەو سەردەمەدا، تورکمانەکان بەدوای سەرژمێری (٤٧-١٩٥٧)دا دەگەڕان و خۆیان دەکردەوە کورد، تاوەکو ببووردرێن.

٤-لەپاش ڕاپەڕین و دوای ساڵی ١٩٩٦، کەرژێمی تورکیا زێتر هاتە ناو هاوکێشەکان و هەوڵیدا جێ پێی خۆی لەباشووردا بکاتەوە... بەبەر قەرار بوونی

ئەو سەقا دیموکراتییەو ئازادییە لەبارە، بەدەیان ڕێکخراوو پارت و کۆمەڵەی تورکمانی، سەریان هەڵدا، کە زۆربەی سەرکردەکانیان لەپێش ڕاپەڕین دا، لەریزەکانی سوپاو ئەمن و ئیستخباراتدا بوون و دەستێکی بالاّیان هەبوو لەسەرکوتکردن و ڕاوە کورددا.

٥-ڕژێمی تورکیا لەسالاّنی ١٩٩٢-١٩٩٦، لەژێر ناوی ڕێکخراوی خاچی سووری تورکیاو ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکاندا، چەند ترێلە خواردنێکی دەهێنایە کوردستان و تەسلیمی ئەو پارتە تورکمانیانەی دەکرد بۆ دابەشکردنیان. پارتە تورکمانیەکانیش، دەیاندایە ئەو کەسانەی کە ئەندامی خۆیان بوون. لەم کاتەدا، کەگرانیو قات و قڕیو بێ کارو نەبوونی موچەی مانگانە، باڵی بەسەر خەڵکی کوردستاندا کێشابوو، بەناچاری خەڵك گەلێکی کورد دەبوونە ئەندامی ئەو پارت و کۆمەلاّنە، بۆ دەستەبەرکردنی پسولەی ئەرزاق، کە بەشی هەرە زۆریان لادێ نشین بوون و بەزمانی تورکمانی یەك ڕستەیان بۆ دروست نەدەکرا. ئەگەر بەرە ئەوانە بەتورکمان حسێب دەکات، بادەست لەم خەونە نەزۆکە هەڵبگرێت، کە ڕژێمی تورکیاشی پێ چەواشە کردووە.

٦-گلەییەکیشمان لەسەرکردایەتی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) هەیە، چونکە ئەو هەوالاّنەی کە لەسلێمانییەوە دەگەن، دڵخۆشکەر نین. گوایە:

- یەکێتی ٤٠٠ پارچە زەوی لەکۆیە داوەتە بەرەی تورکمانی بۆ نەخۆشخانەو ئەو ماڵە تورکمانە دەرکراوانە[١].

---

١-ڕۆژنامەی (میدیا)، ژمارە (١٢٩)، ١٥/٨/٢٠٠٢ کە ئەویش لەڕۆژنامەی (تورکمن إیلي) ژمارە (٤٨٣)ی ٢٨/٧/٢٠٠٢ی وەرگرتووە.

- ڕۆژی ٧/١١/٢٠٠٢، یەکێتی تاپۆی (١٠) هەزار مەتر چوار گۆشەی زەوی گەڕەکی زەرگەتەی سلێمانی دایە (بەرەی تورکمانی)[1].

ئەوە لەکاتێکدایە کە ژمارەی تورکمان لەسلێمانی هەر نیە یان لەچەند ماڵێک تێپەڕ ناکات... ئەو هەموو ناز ڕاگرتنە، لەپاداشتی ئەو داخۆیانەی (مستەفا کەماڵ یایچلی) ئەندامی شورای بەرەی تورکانیەیە، لە ١/٨/٢٠٠٢دا لەکەناڵی ( Cnn Turk) کە گوتی: (... لەساڵی ١٩٩٢وە پەرلەمان هەیە، ئێمە دانی پێدانانێین، ئێمە شورامان هەیەو ئەم شورایە تاکە دەزگایە کەنوێنەرایەتی گەلی تورکمان دەکات... دەبێ ناوچەکانی کەرکوك و موسڵ و بەشێك لەهەولێر بۆ تورکمانەکان و ناوچەکانی دهۆك و سلێمانیش بۆ کوردەکان)[2] بێت.

هەموو ئەو داخۆیانە چەواشەکارییانە لەکاتێکدایە کە تورکمانەکان لەژێر دەسەڵاتی کوردیدا، دەیان پارت و ڕێکخراوی سیاسیو کولتوریان هەیە بەزمانی خۆیان دەخوێنن و چەندان ڕۆژنامەو گۆڤارو کەناڵی تەلەفزیۆنیان هەیە، کە لەسەردەمی بەعسدا بەخەونیش نەیانبینیوە.

تورکمانەکان لەژێر دەسەڵاتی کوردیدا، نەك لەژێر فشاردا نین، بەڵکو خاوەن فشاریشن و بەردەوام ئیهانەو ئیستیفزازی خەڵکی کوردستان دەکەن. با کاك عەزیزو بەرەی تورکمانی، داخۆیانەکانیان بۆ پاش هەڵبژاردن هەڵبگرن و دەست هەڵگرن لەو چەواشەکارییە کە لەبەرژەوەندی کوردو تورکمان و سەرجەم گەلانی عێراقدا نیە.. باچیتر نەبنە کوری ڕۆژو لەهەڵبژاردنی داهاتوودا، بەقەناعەتەوە کەسایەتی نەتەوایەتی خۆیان دیاری بکەن.

---

١-میدیا، ژمارە (١٣٦)، ١٦/١١/٢٠٠٢.

٢-میدیا، ژمارە (١٢٩)، ١٥/٨/٢٠٠٢.

# لەپەراوێزی ڕاپرسییەکەی (گالوپ)ەوە:
# کوردو عەرەب، جیاوازییەکی زۆرو بۆشاییەکی گەورە

مەلیك فەیسەڵی یەکەم، لەبیستەکاندا، دانی بەوەداناوە کەدەوڵەتی تازە دروستکراوی عێراق، هیچ جۆرە یەکێتییەکی نەتەوەیی تێدا نییە. ناوبراو، تەواو هەستی بەو جیاوازییە زۆرە کردووە کە لەنێوان نەتەوەو پێکهاتەکانی عێراقدا هەیە.. هەر بۆیە، نزیکبوونەوەو یەکگرتنی ئەو پێکهاتانەی لەچوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا، بەئەستەم زانیووە.. پاش ئەم داخۆیانەش، ڕاستییەکان گەورەترو بەرچاوتر دەرکەوتن، کە لەسەردەمی بەعسییەکاندا، لەئەنجامی سیاسەتی هەڵەشەو توندو تیژیدا گەیشتە چڵەپۆپە. کوردو عەرەب، نموونەی دوو نەتەوەو کولتوورو بیروبۆچوونی جیاوازی ئەو چوارچێوە بەزۆر دروستکراوەیە.. مرۆڤ، بە چ شێوەیەك بیری لێبکاتەوە، شانسی جیاوازیو جودابوونەوە زۆر زێتر دەبێت لەپێکەوە ژیان لەیەك چوارچێوەدا. باشترین نموونەش، بۆ گەورەبوون و وەبەرچوونی ئەو

بۆشاییە، ڕاپرسییەکەی (گالوپ)ە کە لەمانگی نیسانی ڕابردوو لەسەرجەم عێراقدا ئەنجامدرا...

ڕاپرسییەکە، (٣٥٠٠) خانەوادەی عێراقی گرتۆتە خۆ کە (٤٦٠) خێزانیان کوردن. وەرگرتنی ڕایەکان، بەشێوەیەکی ڕەمەکی بووەو لەهەر خێزانێکدا، ڕای یەك کەس وەرگیراوە. وەرگرتنی ڕای کەسی خێزانەکانیش، بەهەمان شێوە بووە.

لەئەنجامی خوێندنەوەی ئەنجامەکان و تاوتوویّ کردنیاندا دەگەینە ئەو ئەنجامە، کە ئەو هەوڵەی عێراقییەکان (بە تەواوی نەتەوەو پارت و چین و توێژەکان)، لەپێناوی سارێژکردنی زامە کۆنەکان و یەکێتی خاکی عێراق و دروستکردنەوەی دەوڵەتی عێراق، دەیدەن، هەوڵێکی نەزۆك و چەواشەکارو دوور لەویستی خەڵکی کوردستانە... بەهەر شێوەیەك بۆی بچین، دوو کولتووری جیاواز، دوو پێکهاتەی دژ بەیەك بەرەو ڕوومان دەبێتەوە.. ئەگەر بتوانین بۆ ماوەیەکیش ئاسایش و ئارامیو تێکهەڵنەچوونەوە بەرقەرار بکەین، ئەوا لەدوا ڕۆژدا، هەمان تاس و حەمامی دوێنیو پێریّ دووبارە دەبنەوەو چەند بارە گەلانی عێراق بەگشتیو گەلی کورد بەتایبەتی تووشی مەینەتیو ماڵ وێرانی دەکەنەوە. ئەو کولتوورو پێکهاتە جیاوازانە، بەتەواوی لەڕاپرسییەکەدا دەرکەوتووە... شانسی بەیەکەوە ژیان و دانیشتن لەسەر یەك سفرە زۆر کەمە، یان هەر نییە.

دەربارەی ئەو بارە ڕەخساوەی عێراقی پاش ڕزگارکردنی لەدکتاتۆریەت، جیاوازی دەنگەکان زۆر زەقتر دەبن. هەر چەندە ئەوە ڕای هەموو دانیشتوانی عێراق بەکوردستانیشەوە نییە، بەڵام وەك کورد گۆتەنی: (مشتێك نموونەی خەروارێکە). لە ٩٧٪ی کوردەکان، بەچاوی ڕزگارکەرو خۆشەویستی لەئەمەریکاو هێزە هاوپەیمانەکان و شەخسی (جۆرج بۆش) دەڕوانن.. کەچی لە ٢٨٪ی شیعەکان و لە

٢٠٪ی عەرەبە سونیەکان هەمان هەڵوێستیان هەیە. دەربارەی مانەوەی هێزە هاوپەیمانەکانیش، کە گەلی کورد بەهێزێکی ڕزگار کەرو ئارام بەخشی دەزانن و، تاقیکردنەویەکی تاڵیان لەگەڵ ڕژێمە یەك لەدوا یەکەکانی عێراق بەپادشایەتیو کۆمارییەوە، هەیە، لە (٩٦٪)یان، داوای مانەوەی ئەو هێزانە دەکەن... کەچی عەرەبەکان، زۆر پەرۆشی ئەوەن کە ئەو هێزانە، هەرچی زووترە عێراق جێبهێڵن و مەیدانەکە بۆ خۆیان قۆرخ بکەن.. هەڵبەتە مەرامی تایبەتیان هەیەو، هەوڵ دەدەن لەشەوو ڕۆژێکدا، بەنیازی یەکێتی عێراق و جیاوازی نەبوون لەنێوان پێکهاتەکانیدا، ئەو بەشە ڕزگارکراوەی کوردستان، چ بەخۆشی بێت یان بەناخۆشی، بگێڕنەوە ژێر ڕەشماڵە عێراقییەکە، کە لەمەینەتی و ماڵ وێرانیو خوێن و فرمێسك بەو لاوە، هیچ شتێکی تری بەکورد نەبەخشیووە.. لەم ڕووەوە لە (٢٨,٥٪)ی عەرەبەکان، بە شیعەو سوننیەوە داوای مانەوەی ئەو خێزانانە دەکەن.. لەبارەی بیرو بۆچوونو خۆشەویستی بۆ هێزە هاوپەیمانەکان، لە ٩٧٪ی کوردەکان، بەڕزگارکەریان دەزانن، کەچی ڕێژەی لایەنگیری ئەم بۆچوونە لەنێوان عەرەبەکان زۆر زۆر نزمە کە خۆی لە (٨,٥٪) دەدات. بۆ دادگایی کردنی سەدامیش لە (٩٩٪)ی کوردەکانو لە (٧٧٪)ی عەرەبەکان، بەڕەوای دەزانن.

دەربارەی تاوانبارکردنی سەدام بەبەرپرسی کوشتنی مەدەنی، سەد دەرسەدی کوردەکان لەگەڵ ئەو ڕایەدان، کەچی عەرەبە سونیەکان، کە بەشی زۆریان لەڕژێمی سەدام سوودمەند بوون و پلەو پایەی بەرزیان هەبوو، لە (٦١٪)یان لەگەڵ ئەو ڕایەدان. دەربارەی مافی ئافرەت و پیادەکردنی مافەکانی مرۆڤیش، دیسانەوە کورد زۆر لەپێش عەرەبن و کەلێنەکان زۆر بەزەقی دەبینرێن.. هەر چەندە سەدام بەرامبەر بەکورد ئەوەندە دڕندە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا، ڕاوبۆچوونی کورد زێتر لەگەڵ

ڕاوبۆچوونی سەردەم و شارستانیانەدا هاوسۆزە. لە (٥٣٪)ی کوردەکان، سەدام بە موستەهەقی لەسێدارەدان دەزانن، کەچی عەرەبەکان (بەتایبەتیش شیعەکان)، کە کولتووری ئایین و مەزهەب و توندو تیژیی و یەکتر قبوول نەکردن، لەناویاندا سەقامگیرە، لە (٧٠٪)یان ئەو حوکمە (لەسێدارەدان)، بەڕەوا دەزانن... لەبارەی پۆستە سیاسیی و ئیدارییەکان، لە (٩٨٪)ی کوردەکان ئەم مافە بەڕەوا دەزانن، کەچی لە (٣٩,٥٪)ی عەرەبەکان هەمان بۆچوونی کوردیان هەیە.

لەگەڵ گۆڕان و پێشکەوتنە خێراکاندا، سەردەمی حوکمی هێزو تێزە ئایینییەکان، لەهیچ کونج و کەلەبەرێکی دنیا (جگە لەکۆمەڵگا دواکەوتووەکان) نەماوە. هەر لەم ڕوانگەیەوەش لەبارەی، (ئایا حکومەتی داهاتووی عێراق زۆربەی سەرکردەکانی ئایینی بێت؟) لەسەدا سفری کوردەکان، واتە (هیچ) تاکێکی کورد لایەنگیری ئەو بۆچوونە نییە. کەچی لە (٢١٪)ی عەرەبەکان لەگەڵ ئەم داوایەدان.

بێجگە لەم مەسەلە هەنووکەیی و چارەنووسسازانەی کەباسمان کردن، لەبارەی پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان و ناسنامەو هەستی تایفەو عەشیرەت و ئایین گەرایی و خۆشەویستی بۆ ئەمریکاو سوپای تازەی عێراق و... تاد، جیاوازیی و بۆچوونەکان، ئەوەندە زۆرن کەهیچ پێوەرێك ناتوانێت لەخۆیان بگرێت و هیچ مێزێکیش ناتوانێت ئەو بۆچوونە لەیەك دوورو ناتەبایانە، لەیەکتر کۆبکاتەوە. جا لەبەر ئەوە، بەپێی بۆچوونە ڕاگەیانراوەکانی زۆربەی هەرە زۆری سیاسەتمەدارو ڕوناکبیرو ڕۆژنامەنووسە (پێشکەوتنخوازەکان) کوردو عەرەب و هەموو جیهان، باشترین چارەسەرکردن، جیابوونەوەی یەکجارەکی ئەو بەشەی کوردستانە، کە بەزۆری زۆردارەکی لەبیستەکانی سەدەی ڕابردوودا، بەعێراقەوە لکێنرا. هەر چارەیەکی تر لەدەرەوەی ئەو بازنەیە، کارێکی دژوارو چاوبەستەکی و فێڵ کردنە لەخودی خۆو، دوورکەوتنەوەیە

لەدۆزینەوەی ڕێگا چارەیەکی دروست و هەمیشەیی.. کولتووری کوردیو کولتــووری عەرەبی، ئەوەندە لێك دوورن کە وشــەی (عێراقــی) بــەزۆری زۆرداراەکــی دەیــەوێت بەیەکەوەیان ببەستێتەوە. بچووکترین و سادەترین نموونە، کاتێك کە عەرەبــە شــیعە مەزهەبەکان، لەڕێو ڕەسمە ئاینییەکانیدا، وەك کولتورێکی پەیڕەوکراوی باو، بەزنجیر لەخۆیان دەدەن و خوێن لەهەموو جەستەیان دەچۆڕێو شین و شەپۆڕ دەکــەن، لــەو کاتانەدا، شاشەکانی جیهان ئەو دیمەنە دەگمەنانە بۆ هەموو ماڵێــك دەگوازنــەوە.. کاتێك کەبیانیەك بەپێکەنین و گاڵتەجاڕی لێت دەپرسێت: (تۆش عێراقیو ئــەوەش کولتووری تۆیە...) لەناختەوە هەست بەداشکان و دواکەوتوویی‌و جێماو لەکاروانەکە دەکەیت و، ئارەقەی شەرمەزاری دەردەکەیت، هیچ پاساوێکت بۆ نامێنێتــەوە جگــە لەوەی کەبڵێیت: (.. من کوردم و بەزۆر بەو کولتووره لکێندراوم... کولتــووری مــن بێبەرییە لەو کولتووره دواکەوتووە...) هەر بۆیەش، هیچ ســەیر نییــە، لەســەرجەم ڕاپرسیەکەدا لەسەدا سفری کوردەکان، عێراقی بوون بەشوناسنامەی خۆیان دەزانن...

# ڕۆژئاواو ئیسلامییە ڕاکردووەکان

بەگوێرەی ئامارو هەواڵەکانی دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، سێ لەسەر چواری پەناهەندەکانی هەموو دنیا، لەوڵاتە عەرەبیو ئیسلامییەکانەوە هاتوون.واتە لە ٧٥٪ی سەرجەم هاوولاتییە ڕاکردووەکان، ئەو کەسانەن، کە لەبەر نەبوونی ئازادیو فشاری جۆر بەجۆری سیاسیو کۆمەڵایەتی، زێدی باپیرانییان جێهێشتووەو لەوڵاتەکانی ئەوروپاو ئەسکەندناڤیاو ئەمریکادا، گیرساونەتەوە... ئەوە، بەڵگەیەکی ڕاست و دروست و هاشا هەڵنەگری ئەوەیە کەباری ژیان و مافەکانی مرۆڤ لەوڵاتە خانە خوێکان زۆر باشترو لەبارترە.. بۆیە، ئەو کاتانە مەجبورر بووینە هەزاران میل بڕن و پشت لەیادەوەریو خاك و کەس و کار بکەن.

ئەوەی جێگای سەرسوڕمان و تێڕامانە، چەند ساڵێکە، ئەو کەسایەتییە سیاسییە ئیسلامییە عەرەبییانە، لە کەناڵە عەرەبییە شۆڤینیەکانەوە، بێ بۆنەو هۆ، هێرش دەکەنە سەر ئەو ولاتانە (خانە خوێکان)، کەتەواوی تەمەنی خۆیان لێ بردۆتە سەر، بەو بیانووەی ڕێز لەڕیو ڕەسمی ئایینی هاوولاتییە موسڵمانەکان

ناگرنو گاڵته به بەها پیرۆزەکانیان دەکەن و ئـەو دیموکراتییـەی کەباسـی دەکـەن دەهۆڵێکەو دەنگەکەی هەر لەدوورەوە خۆشە. ئەو خوشك و بـرا موسـڵمانانە، ئـەو هەموو ماف و ئیمتیازاتانە فەرامۆش دەکەن، کە لەو وڵاتانـەوە پێیانـدراوە.. لـەو وڵاتانەدا، پەناهەندە موسڵمان و غەیرە موسڵمانەکان، لەهەموو ڕوویەکەوە یەکسانن و بەیەك چاو سەیر دەکرێن... وەك هەر هاووڵاتییەکی ئـەو وڵاتانـە، حسێبیان بـۆ دەکرێت. لەکاتی بێکاریدا، بەیەکسانی بیمەی بێکاری وەردەگرن. خۆ ئەگـەر هـیچ کارێکیشیان نەکردبێت، ئەوا دەزگاکانی سۆسیال (کۆمۆنە) پارەی ژیانی خۆیـان و ماڵ و منداڵیان دابین دەکات و خانوویان بۆ دەگرێت و وەرزی هاوین و زستان، جل و بەرگیان بۆ دابین دەکەن یان پارەی تایبەتییان دەدەنێ. پارەی دەلاڵی خانوو دۆزینەوەو پێویـستییەکانی خوێنـدنی منداڵـەکانیان بـۆ مـسۆگەر دەکـەن. لەهـەر شـارو شارۆچکەیەکیشدا، چەند خێزانێك هەبێت، هەقی خۆیانـە مزگـەوت و قوتابخانـە بکەنەوەو زمانی دایك فێرە منداڵەکانیان بکەن.

خەڵکی وا هەیە، بیست ساڵە لەئەوروپا دەژیو ڕۆژێك چیبیە کـاری نـەکردووە، بۆتە بارگرانییەك لەسەر ئەو وڵاتانە، کەچی دەوڵەت بەمەجبوری بەخێوی دەکات و مافەکانی بۆ دەستەبەر دەکات. ئەگەر تاك و تەراش، دیاردەیـەکی ڕەگەزپەرسـتیو هەڵکوتانــە ســەریان کرابێتــە ســەر، ئــەوەش بــەرەنجامی ئیفرازاتــی ڕووداوە تیرۆریستییەکەی ١١ی ئەیلول و ئەوانەی دوای ئەو هەژانە گەورەیە هاتنە ئـاراوە، بووە. یان بەهۆی ئەو داخۆیان و خۆپیـشاندانە پـڕ لەحەماسـەتانەی ئیـسلامییە توندڕەوەکان بووە، کەهانی گەنجەکانیان داوە تێکەڵ بەو ڕێکخراوانـە بـبن و کـاری تووندو تیژییو تیرۆریستی ئەنجام بدەن، کە لەدوا وێستگەدا، بـەزیان بـۆ خۆیـان و تەواوی هاووڵاتییە موسڵمانەکانی نیشتەجێی ئەو وڵاتانـە، شـکاوەتەوە. دەوڵـەت،

لەپێناوی پاراستنی ئاسایش و گیانی هاوولاَتیاندا، ناچار بووە کۆنتڕۆڵی مزگـەوت و یانەو دەزگا کولتوورییەکان بکات.

ئەگەر سـەیری ولاَتـە عـەرەبیو ئیـسلامییەکان بکـەین و وەك نموونـە چـەند دانەیەکیان گوڵبژێر بکەین، ئەوە بەڕاشکاوی دەگەینە ئەو قەناعەتەی کـە ئـەوەی ناوی مافی مرۆڤ و سیـستەمی دادی کۆمەلاَیەتییـە، لـەو ولاَتانـەدا نـاوی نییـە. ولاَتێکی عەرەبی وەك سوریا، تەنها لەپێناو پاراستنی کورسی دەسـەلاَت پارەیـەکی بێ ئەژمار سەرف دەکات... ئەوەیان لەکاتێکدایە کەهاوولاَتییەکانی لەژیانێکی پـڕ لەئەستەمی مەمرەو مەژیدا دەژین و مافەکانیان پێـشێل دەکرێـت. لـەو ولاَتـەدا، لەجیاتی بایەخدان بەڕێکخراوەکانی مـافی مـرۆڤ و کۆمـەڵگای مـەدەنی، (١٢) دەزگای پاراستن و سیخوڕی هەیە، کە هەریەکەیان بەجیا کار دەکەن و ئامانجی هەر هەمووشیان پاراستن و بەرز ڕاگرتنی ڕژێم و شەخسی سەرۆك کۆمارە.

لەدوو ولاَتی گەورەی جیهانی ئیسلامیـشدا (عەرەبـستانی سـعودیو کۆمـاری ئیسلامی ئێران)، لەولاَتی یەکەمیان بەهۆی هەڵکەوتنی شوێنە پیرۆزەکانی جیهانی ئیسلامی لەو ولاَتەو پەیڕەوکردنی شەریعەتی ئیسلامی، نـە دەسـتوور هەیـەو نـە پەرلەمان، سعودیەش یەکێکە لەو ولاَتە کەمانەی جیهان کـەدان بـە پەیماننامـەو ڕێککەوتنەکانی مافی مـرۆڤ ناهێنێـت و تائێـستاکەشی لەگەڵـدا بێـت ئـافرەت لەسەرەتاترین مافی ژیان بێ بەشەو بۆی نیـە (ئۆتۆمبیـل لێبخوڕێـت). لـەولاَتی دووەمیشیاندا (ئێران)، کەماوەی (٢٥) سـاڵە حـوکمی شـەریعەتی ئیـسلامی لێ بەرقەرارەو شاری (مەشهەد)یـشی لەڕوانگـەی ئاینییـەوە، پیرۆزتـرین شـاری ئـەو ولاَتەیە، ئەوجا بەقسەی (هـاشمی ڕەفـسنجانی)، خـراپترین شـارە لـەڕووی بنـەما

ئەخلاقییەکان.. بەپێی ڕاپرسییەك لە ٧٣٪ی خەڵکی ئێران نوێژ ناکەن و لەگەڵ مۆڵەتدان بە (زەواجی متعە)ش، ئەوجا ڕێژەی کاری سێکسی ناشەرعی لەبەرزیدایە.

چەند کەسایەتییەکی ناسراوی وەك: (ئەبو حەمزەی میسریو هانی ئەلسوباعیو عەبدولباری عەتوان و.. تا)، نموونەی هەرە دیاری ئەو موسڵمانە توندڕەوانەن کە لەوڵاتەکانی خۆیاندا، هیچ دەنگ و ڕەنگێکیان نەبووە، کەچی ئێستاکە لەو وڵاتانەی کەوەك گوڵ بەخێو دەکرێن ئەوجا نارەزایی دەردەبڕن و زەمینەی کاری توندوو تیژیو تیرۆر دەڕەخسێنن.. ئەگەر لەئەوروپاو ڕۆژئاوادا ئازادی نییە، ئەوە کەس ڕێگای لێ نەگرتوون، دەرگا والایەو دەتوانن بگەڕێنەوە وڵاتەکانیان. سەیر ئەوەیە، ئەو دام و دەزگایانەی کەدروستیشیان کردوون، بەشێکی پارەکەیان لەبودجەی دەوڵەتەوە سەرف دەکرێت. بەکوردیو بەکورتی، لەو وڵاتانەدا، بەکەیف و ماشای خۆیان دەژین و بەسەربەستی قسە دەکەن و دەنگ هەڵدەبڕن و جنێو بەسەرۆك وەزیران و پەرلەمانتارو کەسایەتییە سیاسییەکان دەدەن، کەس لەگوڵ کاڵتریان پێنالێت... کەچی دام و دەزگا سیخوڕییەکانی خۆیان، لەدووری سەدان میلەوە، لەدەرەوەش هەوڵی کوشتن و تیرۆرکردنیان دەدەن... هاوڕێکانیان لەوڵاتەکانی خۆیان چەندان ساڵە لەزیندانەکاندا دەناڵێنن...

لەمەڕ بەراورد کردنی دیموکراتیەتی ئەوروپاو وڵاتە ئیسلامییەکانەوە!! (مەلا کرێکار) لەیەکێك لەبەرنامەکانی (الاتجاه المعاکس)ی کەناڵی (الجزیرة)دا گوتی: (... لەتەواوی وڵاتە ئیسلامییەکاندا، هیچ جۆرە ئازادییەك نییە من کە لەنەرویژ زیندانی کرام، زۆر ڕێزیان لێدەگرتم، مانگی ڕەمەزان بوو، خواردنی ڕەمەزانیان بۆ ئامادە دەکردم، پاشانیش کەهیچ شتێکی ئەوتۆم لەسەر نەبووە ماڵ، دەوڵەت داوای لێبووردنی لێکردم و ١٤٠ هەزار ئۆیرۆیشیان پێدام..).

چەند مانگێك لەمەو بەریش، کاتێك کەپەرلەمانی فەرەنسا هەموو دیاردەیەکی ئاینیو مەزهەبی (بەئایینی مەسیحیو جولەکەکانیشەوە)، لەدام و دەزگا دەوڵەتییەکان و قوتابخانەکان یاساغ کرد، بەهەزاران خەڵك لەشەقامەکانی ئەنقەرەو ئەستەمبوڵ و عەممان و دیمەشق و قاهیرە ڕژانە سەر شەقامەکان و ئەو بڕیارەیان پرۆتستۆ کرد، وەك ئەو هەقیقەتە نەزانن کە لەوڵاتەکانی خۆیاندا پارتە ئیسلامیەکان یاساغەو ناتوانن بەئازادی کاری سیاسی بکەن. ئەوانە لەوڵاتێکدا داوای بەرقەرار بوونی ئیسلام و شەریعەت دەکەن کەعیلمانییەو پەیوەندی بەهیچ ئاینێکەوە نییە. بەڕاستی (بانێکەو دوو هەوایە).

# کۆمەڵگاو کولتووره باوەکان

ژینگە، دوای ماڵ و قوتابخانە، مەڵبەندێکی سەرەکی پەروەردەکردنی تاکەکانی کۆمەڵە. تاك، لەسەر چ جۆره پەروەردەیەك ڕابهێنرێ، لەدوا ڕۆژدا بەم شێوەیە دەردەچێت. هەڵبەتە ژینگەش، لەشوێنێك بۆ شوێنێکی تر جیاوازی هەیەو جۆرو شێوەی پەرورەدەکردنەکەش دەگۆڕێت.

وەك پسپۆره دەروونناسەکان بۆی دەچن، منداڵ هەویرێکەو چ جۆره شتێکت بوێ، دەتوانیت لێی دروست بکەیت، بەتایبەتیش لەساڵە سەرەتاییەکانی تەمەنیدا.. ماڵ و قوتابخانەش هۆکارێکی بنچینەیین بۆ چاندنی ڕەوشت و ئاکاری جۆر بەجۆر لەمێشك و دەروونی کەسەکاندا...

ئەو بازنەی کەئێمە تێیدا دەژین، بەحوکمی گۆڕانی قۆناغە مێژووییەکان و پەروەردەی سەقەت و، بەرقەراربوونی شەخس پەرستیو، سیستەمی دکتاتۆریەت و، بەکارهێنانی ئایین، بۆ مەبەستە تایبەتییەکان، بۆتە دەریایەکی فراوان و بێ سنووری مەلەوانانی بواری توندو تیژی. نکۆڵی لەوە ناکەین کە لەدەرەوەی بازنەکەی ئێمەشدا توندو تیژییو جۆرێك لەو عەقڵیەتە زیان بەخشە، بەرقەراره، بەڵاّم بەهیچ جۆرێك لەگەڵ ناوچەکەی ئێمەدا بەراورد ناکرێت.. بەراورد کردنیشی کارێکی ئەستەم و نەگونجاوه.

لەدەرەوەی بازنەکەی ئێمە، -ڕۆژهەلاَت و ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاست-، منداڵ لەدوو سێ ساڵی تەمەنییەوە، لەماڵەوە یان لەدایەنگە، لەسەر پەروەردەی دروست و یەکتر قبوڵ کردن ڕادەهێنرێت... تەمەنی دوو ساڵانە، هێشتا نازانێت ڕستە دروست بکات، کەشتێکی دەدەیتێ، بەخەندەو سوپاسەوە، پاداشتی ئەو شتەی کەپێتداوە، دەداتەوە... خۆ ئەگەر سوپاسیشی نەکردی، ئەوا دایك و باوك و کەس و کارەکەی تەئکیدی لێ دەکەنەوەو دەڵێن: (... دەبێ چ بڵێی؟!) منداڵەکە بەمەجبووری دەڵێت: (سوپاس). لەقوتابخانەش بەهەمان شێوە، فێرە ڕاستگۆیی‌و خۆشەویستی بێ سنوورو نەبوونی جیاوازی لەنێوان چین و توێژو ڕەنگ و نەتەوەکان، دەکرێن. پەیوەندی نێوان مامۆستاو خوێندکار، لەسەر بنچینەی خۆشەویستی‌و ڕێز لەیەکتر گرتن، دادەمەزرێت.. بۆیە ئەو منداڵە کە گەورە دەبێت، -بەدەر لەچەند حاڵەتێکی دەگمەن- مرۆڤێکی کاراو لێبووردەو خاوەن شەخسیەت و خزمەتگوزاری لێ هەڵدەکەوێت.. ڕێز لەهەموو بەها مرۆڤایەتییەکان دەگرێت و خۆی بەخاوەنی ولاَت‌و شارو گەڕەك و شەقامەکان دەزانێت... ئەوەندە نەرم و نیان و بەخشندەو بە بەزەیی دەبێت، ڕێزلەمافەکانی ئاژەڵ و تەیرو تواڵ و پاراستنی ژینگە دەگرێت... لەبارەی گرنگی دان بەمافی ئاژەڵ و ژینگە، کەم کەس هەیە لەئێمەی نیشتەجێی ئەو ژینگانە، ڕۆژانە هەست بەو دیاردە باوانە نەکەین و لەئاستیدا نەسڵەمێینەوەو پرسیار لەخۆمان نەکەین، (... ئەرێ، بۆچی ئەوان وا هەڵکەوتوون و ئێمەش وا؟!)..

بەدەیان جار، لەپارکە گشتی‌یەکان، دیومانە:

- دایك و منداڵێك وردە سەمونیان، بۆ کۆترو مراوییە کێوییەکان -هەر بەناو کێوی-داوە.. دایکەکە بەددانەکانی خۆی سەموونی ڕەقی ورد کردووەو بۆ کۆترەکانی هاویشتووە.. کاتێکیش کە منداڵە تەمەن دوو ساڵەکەی ویستوویەتی یاری لەگەڵ

کۆترەکان بکات و ڕاویان بنێت، ئەوا دایکەکە، زۆر بەجدی خۆی لێ تووڕە کـردووەو وریای کردۆتەوە لەئازارنەدانیان.

- ڕۆژانە، خاوەن سەگ و توولەکان، بۆ بای پێ خۆدانی ئاژەڵەکانیان، پیاسەیان پێدەکەن.. لەو کاتانەدا، ئێمەی ڕۆژهەلاتی زۆر بەسەرسـوڕمانەوە تێیـان دەڕوانـین، کاتێك کە سەگەکان پیسایی لەسەر لاڕێگاو پارکەکان دەکەن، بێ ئەوەی کەسـیش بیانبینن، خاوەنەکانیان پەنجەوانەی نایلۆنیان لەدەستەو پیساییەکان هەڵدەگرنـەوە، نەوەك دیمەن و ئاکاری ئەو شوێنە گشتییانە، پیس ببێت..

- گیانلەبەرە ماڵییەکان -بەتایبەتیش سەگ و کەروێشك و پشیلە- وا متـووی خاوەنەکانیان دەبـن، کـە تـەنها بەتیلـەی چـاوو ئیعـازێکی سـادە، هەسـت بـەو خۆشەویستییە دەکەن. کاتێکیش کە سەگەکان بۆ دەرەوە دەبـەن، پـەتیان لەملـە، بەلاّم پەتەکەیان ئەوەندە شل کردووە، سەگەکە بۆ کوێ چـوو، دەبـێ خاوەنەکەشـی بەدوایدا بچێت.. واتە، خاوەنەکەی بەدوای سەگەکەدا دەچێت نەك بەپێچەوانە.. جاری وا بووە، سەگەکە هەر خەریکیمرۆ مۆکردن بووەو بەمەجبووری سێ چـوار کەسـی لەدیار ڕاوەستاون، تاوەکو خۆی بەرێکەوتووە، ئەوجا ئەوان بەدوایدا چوون.

- لەو پارك و شوێنانەی کەمراوىو کۆترو باڵندەی جۆر بەجۆری لێیە، لەلایـەن لایەنی پەیوەندیدارو شارەوانیەکان، ئاگاداری تایبەت هەڵواسراوە، کەلێی نووسراوە، خواردن نەدرێت بەم باڵندانە لەبەر ئەم هۆیانە:

١-نەوەك خواردنەکە کۆن و ژەهراوی بێت.

٢-بەهۆی ئەو خواردنانەی کەتۆ دەیاندەیتێ، باڵندەکان، زۆر قەڵەو دەبن و ناتوانن بفڕن و دواتر دەستگیر دەکرێن.

٣-بەهـــۆی خواردنی حازر بەدەســت، باڵندەکان لەسەر تەمبەڵیو چاو لەدەستی

ڕادەهێنرێن و، دواتر، خۆیان هەوڵ نادەن و بەدوای خواردنـدا ناگـەڕێن.... لـەو حاڵەتەشدا، ئەگەر خواردنیان لێ بڕا دەمرن و قڕ دەبن.

٤-بەهۆی ئەو خواردنانەوە، زیندەوەرە زیانبەخشەکانی وەك مشك و جورج، تێکـەڵ بەو ژینگەو شوێنی باڵندەکان دەبن و، مەترسی ئـەوەیان لێـدەکرێت، نەخۆشـی بگوازنەوە ئەو نێوەندە... ئەگەر پۆلیسیش خەڵکی دیت خواردن بـە باڵنـدەکان دەدەن، ئەوە ئاگادار دەکرێنەوە، یان سزا دەدرێن..

- هەر چـوار دەوری دارسـتانەکانی لا ڕێو دەرەوەی شـارەکان، بەتەڵبەنـد دەورە دراوە، نەوەك ئەو ئاژەڵە کێویانە بێنە دەرەوەو تووشی کارەساتی وابن، گیان لەدەست بدەن. خۆ ئەگەر کەسێکیش بەئوتۆمبیل خۆی بەئاژەڵێك داداو کوشتی، ئەوە دەبێت زوو ئاگاداری پۆلیس بکاتەوە.. لەو حاڵەتەشدا، تووشی سـزا دەبێـت.. خـۆ ئەگـەر پۆلیسیشی ئاگادار نەکردوو دواتر زانرا، ئەوە سـزاکەی دووقـات قورسـتر دەبێـت.. بەمجۆرە لەهەموو حاڵەتێکدا دەبێت ئاگاداری پۆلیس بکاتەوە...

ئەوانە بەشێکن لەو کولتوورو ڕێو ڕەسمانەی کە لەو کۆمەڵگایانەدا بەرقەرارن و هۆکارێکی سەرەکین بۆ ڕێـز گـرتن لـەمافی خـەڵك و ئـاژەڵ و ژینگـەو بـردەوەدان بەکولتووری لێبووردەیی‌و بێن فراوانی‌و توڕدانی توندو تیژی‌و یەکتر قبووڵ نەکردن. بۆیە سەیر نییە، کە مامۆستایەك لەپۆلەکەیدا، داوا لەخوێندکارەکانی دەکات، هەر کەسەو بەئارەزووی خۆی وێنەیـەك بکێـشی، ئـەوا منداڵـەکان، وێنـەی، (گـوڵ و دارستان و پەپوولەو شاخ و کوڕو کچ و خانوو و سـەگ و پـشیلەو ئۆتۆمبیـل و...) دەکەن. ئەو کولتوورە بەرقەرارەی کۆمەڵگا لەوێنەی منداڵەکاندا ڕەنگ دەداتەوە...

کەچی بەپێچەوانەوە، لەلای خۆمـان، بەهۆی ئەو کولتوورە سەقەت و پڕ لەتوندو تیژیی‌و ئاژاوەیە، نەك ڕێز لەمافی مرۆڤ و ئازادی تاکە کـەس و بـیرو ڕا ناگیرێـت،

بەڵكو وا برینداریش دەكرێت كە ئەستەم بێت ئەو كەسە بكەوێتەوە سەر ڕاستە ڕێگا.. ئەگەر ئەوە حاڵی مافی مرۆڤ بێت، ئەوە لەمافی ئاژەڵ و پەلەوەرو باڵندەو ژینگە هەر مەپرسە.. كۆترو باڵندە چ حەدیان هەیە بێنە بن دەست و پێی خەڵك و دانەوێڵە كۆبكەنەوە. چ جورئەتێكیان هەیە بێنە سەر لەپی مرۆڤ و دانەوێڵە بخۆن.. سەگ چۆن زاتی ئەوە دەكات، بەڕێكەوتیش بەكۆڵانێكدا گوزەر بكات، چما منداڵە وردكەی گەڕەك بەردبارانی ناكەن.. لەبری ئەوانە لای خۆمان، مەڕو بزن و مانگا، بەسەربەستی لەسەر شەقامەكاندا دەسوڕێنەوەو سەوزاییەكان بنبڕ دەكەن، كە دوورە لەهەموو دیاردەیەكی شارستانی.. مامۆستا بەخوێندكارەكانی بڵێت وێنەیەك بكەن، هەموویان وێنەی (پێشمەرگەو تفەنگ و تانك و فڕۆكەو بەرەی شەڕو كاری توندووتیژیی) دەكەن...

كەدەپرسین، بۆچی لێرە ئەو كولتوورە بەرقەرارەو لەوێش كولتوورێكی تری جیاواز؟! بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە، پێویستە هەوڵ بدەین لەپرۆگرامەكانی خوێندن و مەڵبەندە كۆمەڵایەتیەكاندا، گۆڕانكاری ئەنجام بدەین و كولتوورو رۆشنبیرییەكی وا بخولقێنین، كەپڕ بەپێستی قۆناغەكە بێت، نەك جیهانی پێشكەوتوو لەڕاستە شەقامێكدا لێ بخورێت و ئێمەش لەهەورازو بزنە ڕێگادا.. بۆ ئەنجامدانی ئەم كارە ژیاریو قورسە، پێش هەموو شتێك، پێش ئەوەی ژینگە ئاوەدان بكەینەوە، پێویستە عەقڵی مرۆڤ ئاوەدانبكەینەوەو گۆڕانكاری ڕیشەیی بەسەردا بێنین.. بەفكرێكی ساردەوە مامەڵە لەگەڵ گۆڕانكارییەكاندا بكەین و هەڵوەستەیان لەسەر بكەین.. دان بەڕەنگ و بیروبۆچوون و خەڵكی جیاواز بنێین.. ئەو كاتە دەتوانین بڵێین ئێمەش هەین و هەقمانە وەك ئێوە دوور لەئاژاوەو ژیانی شەڕانگێزیی بژین و پێویستە ئێمەش قبووڵ بكەن....

# شوێن و کاتی بابەتە بڵاوکراوەکان

١-وێنەی شیعری لای (ئەحمەدی خانی)، گۆڤاری (کاروان)، هەولێر ژمارە (١١٩)، نیسانی ١٩٩٨.

٢-بەسەرکردنەوەی (زەنگی هەتاو) و خامۆشی شاعیر، ڕۆژنامەی (کورد) ئوستراليا ژمارە (٢٦)، ئازاری ٢٠٠٣، ل١٦. گۆڤاری (کوردستانی ئیمڕۆ) بەلجیکا، ژمارە (٢٥)، ئاداری ٢٠٠٣، ل١٠٤-١٠٨. (گولان)، ژمارە (٤٥١)، ١٨/٩/٢٠٠٣.

٣-نەهاوەند.. یان مەملەکەتێکی خاپوور کراو، مانگنامەی (سەکۆ)، بەرلین، ژمارە (٤٨)، ئاداری ٢٠٠١، ل٧، بەهەڵە بەناوی (ئیسماعیل شەیدا) بڵاوکراوەتەوە.. گۆڤاری (نووسەری نوێ)، هەولێر، ژمارە (١٧)، حوزەیرانی ٢٠٠١، ل٢٣.

٤-(ئەدەبی تاراوگە) و خەونی ئاوارەکان، میدیا، هەولێر، ژمارە (١٥٢)، ٢١/١٢/٢٠٠٣ ل١٠. کوردستانی ئیمڕۆ، ژمارە (٣٥)، شوباتی ٢٠٠٤، ل٣٤-٣٥.

٥-ڕۆمانۆکەی (ونگە) یان بەشێك لەبیرەوەرییەکانی (عەبدوڵڵا سەراج)، میدیا، ژمارە (١٦٤)، ١٥/٦/٢٠٠٤، ل١٠.

٦-(ڕێگای ئازادی): یەکەم ڕۆژنامەی دوای ڕاپەڕین بوو، گۆڤاری (پەیامی ئازادی) لقی دەرەوەی حزبی سوسیالیستی کوردستان لەدەرەوە لەبەرلین دەری دەکات، ژمارە (١) تەموزی ٢٠٠١، ل١٣.

٧-پەراوێزێك بۆ یەك دوو لاپەڕەی (چێشتی مجێور)، (سەکۆ)، ژمارە (٣١)، مایسی ١٩٩٩، ل٨. ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی)، سلێمانی، ژمارە (٣٣٠)، ٢٠/٩/١٩٩٩، ل٦.

٨-ئاوازو گۆرانی کوردی لەدووریانی مانەوە تالآنکردندا، (ئاڵای ئازادی)، ژمارە (٥٧٤)، ٢٦/٧/٢٠٠٤، ل٦.

٩-(ناڵەی پێشمەرگەیەك بۆ مێژوو) و چەند پەراوێزێکی واقیعیانە، ڕۆژنامەی (بارزان)، ئەمەریکا، ژمارە (٤٢-٤٣)، شوباتی ٢٠٠٤، ل٦-٧.

١٠-لەپەراوێزی (بیرەوەرییەکانم)ی بانیخێلآنیدا: هەڵەو کارەسات... پەند وەرگرتن... دووبارە نەبوونەوە، گۆڤاری (پەیامی ئازادی)، ژمارە (٣-٤)، ئادارو گەلاوێژی ٢٠٠٢، ل١٧-٢٢.

١١-ڕۆژنامەگەریی شاخ و نهێنیی لەباشووری کوردستاندا (کارەساتی ١٩٧٥ تا ڕاپەڕینی ٥/٣/١٩٩١) -سەرژمێریی و وردەکاریی-، گۆڤاری (ڕۆژنامەنووس)، ژمارە (١)، ٢٢ی نیسانی ٢٠٠٤، ل١٧٩-١٨٦. (کوردستانی ئیمڕۆ)، ژمارە (٣٨)، مایسی ٢٠٠٤، ل٣٤-٤١.
١٢-ڕۆژنامەی (سەکۆ) چۆن سەریهەڵداو چۆن لەکار کەوت، گۆڤاری (ڕۆژنامەنووس) هەولێر، ژمارە (٢).
١٣-لەمزگەوتەوە بۆ قوتابخانە، (میدیا)، ژمارە (١١٣)، ١/١/٢٠٠٢، ل٦. (بێوار)، هۆڵەندا، ژمارە (٦٧)، شوباتی ٢٠٠٢، ل٦-٧.
١٤-چەپکێك خۆشەویستی لەدوور وڵاتەوە بۆ گلکۆی (باوکی گۆران)، گۆڤاری (نووسەری نوێ)، ژمارە (٢١)ی بەهاری ٢٠٠٤، ل٥٣.
١٥-گەلی کورد چاکەی دۆستەکانیان لەچاودایە، (ئاڵای ئازادی)، ژمارە (٥٠٢)، ١٠/٢/٢٠٠٣، ل٥. (کوردستانی ئیمڕۆ)، ژمارە (٢٨)، حوزەیرانی ٢٠٠٣، ل٥١-٥٣.
١٦-ململانێی هاوکێشەکان، (گوڵان) ژمارە (٤٥٥)، ١٦/١٠/٢٠٠٣. (کوردستانی ئیمڕۆ)، ژمارە (٣٢)، تشرینی دووەمی ٢٠٠٣، ل٢٧-٣٣.
١٧-پرۆسەی ئازادکردنی عێراق و کەناڵە عەرەبیەکان، (بێوار) ژمارە (٨٨)، تشرینی دووەمی ٢٠٠٣، ل٦. گۆڤاری (هەرێم)، هەولێر، ژمارە (٣٠٣)، ١٥/١١/٢٠٠٣، ل١١-١٢.
١٨-پرۆسەی ئازادکردنی عێراق و ڕاگەیاندنی تورکی، (میدیا)، ژمارە (١٥٠)، ١/١١/٢٠٠٣، ل٧. (کوردستانی ئیمڕۆ)، ژمارە (٣٣)، دێسێمبەری ٢٠٠٣، ل٦٥-٦٧.
١٩-لەپێناوی ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆدا، (میدیا)، ژمارە (١٦٠)، ١٥/٤/٢٠٠٤، ل٨.
٢٠-ڕۆشنبیریی نیشتمانپەروەری، (میدیا) ژمارە (١٦٧)، ١/٨/٢٠٠٤، ل١٠.
٢١-وەڵامێکی هێمنانە بۆ کاك (عەزیز قادر سامانچی): زمانی ژمارە... نەك زمانی گۆترە، (میدیا) ژمارە (١٤١)، ١/٢/٢٠٠٣، ل٤.
٢٢-لەپەراوێزی ڕاپرسییەکەی (گالوپ)ەوە: کوردو عەرەب، جیاوازییەکی زۆرو بۆشاییەکی گەورە، ڕۆژنامەی (نیشتمان)، هەولێر، (٤٣)، ١٠/٦/٢٠٠٤، ل٣.
٢٣-ڕۆژئاواو ئیسلامیە ڕاکردووەکان، (کوردستانی نوێ)، ژمارە (٣٣٩٧)، ٢٠/٦/٢٠٠٤، ل٨.
٢٤-کۆمەڵگاو کولتووره باوەکان، (ئاڵای ئازادی)، ژمارە (٥٦٧)، ٧/٦/٢٠٠٤، ل٦.

# کتێبە چاپکراوەکانم:

١-پەردەی شەرم، شیعر، سلێمانی، ١٩٨٢.

٢-کەڵەشێری سپی‌و کەڵەشێری ڕەش، چیرۆك بۆ منداڵان، وەرگێڕان لەعەرەبییەوە، بەغدا، ١٩٨٦.

٣-تەکان، شیعر، ١٩٩٠، بەغدا.

٤-ڕۆڵی ئەدەب لەشۆڕش و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەناوی (ب. دەوەن) بڵاوکراوەتەوە، هەولێر، ١٩٩١.

٥-بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی کوردی لەنێوان (١٩٧٥-١٩٩٣)، هەولێر، ١٩٩٨.

٦-کاردۆ گەلاڵی نووسەرو پارێزەرو سیاسەتمەدار، هەولێر، ١٩٩٨.

٧-دەروازەیەك بۆ ناسینی (سمایلە باشە)ی شاعیر، هەولێر، ٢٠٠٠.

٨-چەند پووشێك... بۆ (هێلانەیەکی تر)، کۆمەڵە بابەتێکی ئەدەبی‌و ڕەخنەییە، هەولێر، ٢٠٠٠.

٩-سەفەری ڕەش- کۆژانی دەربەدەریی‌و ئاوارەیی یە، هەولێر، ٢٠٠٢.

# ناوەڕۆك


١-چەند تێبینیەك پێش خوێندنەوەی (بەسەرکردنەوە)کان.....

٢-وێنەی شیعریی لای (ئەحمەدی خانی).....

٣-بەسەرکردنەوەی (زەنگی هەتاو).....

٤-نەهاوەند... یان مەملەکەتێکی خاپوورکراو.....

٥-(ئەدەبی تاراوگە) و خەونی ئاوارەکان.....

٦-ڕۆمانۆکەی (ونگە) یان بەشێك لەبیرەوەرییەکانی عەبدوڵلاّ سەراج....

٧-(ڕێگای ئازادی) یەکەم ڕۆژنامەی دوای ڕاپەڕین بوو....

٨-پەراوێزێك بۆ یەك دوو لاپەڕەی (چێشتی مجێور).....

٩-ئاوازو گۆرانی کوردی....

١٠-ناڵەی پێشمەرگەیەك بۆ مێژوو).....

١١-لەپەراوێزی (بیرەوەرییەکانم)ی بانیخێلانیدا.....

١٢-ڕۆژنامەگەریی شاخ و نهێنی لەباشووری کوردستاندا....

١٣-ڕۆژنامەی (سەکۆ).....

١٤-لەمزگەوتەوە بۆ قوتابخانە...

١٥-چەپکێك خۆشەویستی لەدوور ولاّتەوە...

١٦-گەلی کورد چاکەی دۆستەکانیان لەچاو دایە....

١٧-ململانێی هاوکێشەکان...

١٨-پرۆسەی ئازادکردنی عێراق و کەناڵە عەرەبییەکان....

١٩-پرۆسەی ئازادکردنی عێراق و ڕاگەیاندنی تورکی.....

٢٠-لەپێناوی ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆدا...

٢١-ڕۆشنبیریی نیشتمانپەروەری....
٢٢-وەڵامێکی هێمنانە بۆ کاك (عەزیز سامانچی)....
٢٣-لەپەراوێزی ڕاپرسییەکەی (گالوب)ەوە.....
٢٤-ڕۆژئاواو ئیسلامییە ڕاکردووەکان....
٢٥-کۆمەڵگاو کەلتوورە باوەکان....
٢٦-شوێن و کاتی بابەتە بڵاوکراوەکان....
٢٧-کتێبە چاپکراوەکانم....